# سەرەتایەکی گشتی بۆ تێگەیشتن لە تیۆری کۆمەڵناسی

دەرسگوتاری تیۆری کۆمەڵناسی کلاسیک

قۆناغی دیپلۆمی باڵا/ کۆرسی یەکەم

لەلایەن: د. هیوا عەلی

٢٠٢٣-٢٠٢٤

# پێشەکی

- تیۆرەکانی لە چەمک پێکدێن.
- تیۆر وێناکردنی واقیعێکی دابڕاوە لەهەر قاڵبێکی دیاریکراوی مێژوویی و کلتووری.
- تیۆر بەرزبوونەوەیە بەسەر کۆت و بەندەکانی واقیعیەت.
- دەووترێت تیۆر شتێکی خەیاڵییە و هیچ پەیوەندی بەواقیعەوە نیە راست نیە: پەیوەندی بەواقیعەوە هەیە هەمیش دابڕاوە لە واقیع
- کەواتە تیۆر و واقیع پەیوەندییان بەیەکەوەیە.

# کورد و چەمکسازی

فۆرماسیۆن یان شکڵپێدان و ئارایشکردنی ڕوونکرنەوە و ڕاڤەکردنەکانە لەلایەن بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی. لە کۆتاییدا، تیۆریزەکردن بریتییە لە پرۆسەی دروستکردنی تیۆرێک یان کۆمەڵێک تیۆری سەبارەت بە شتێک. بریتییە لە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتا یان زانیاری بۆ پەرەپێدانی چوارچێوەیەک یان مۆدێلێک کە دەتوانرێت بۆ تێگەیشتن یان ڕوونکردنەوەی دۆخێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت. چەند نموونەیەک سەبارەت بە تیۆریزەکردن:

# کورد و چەمکسازی

١. تێبینیکردنی کەوتنەخوارەوەی سێوێک لەلایەن نیوتن.

٢. گەردوونناسان تیۆریزەی ئەوە دەکەن کە گەردوون بە ڕێژەیەکی خێراتر فراوانتر دەبێت.

٣. تیۆریزەکردن لەسەر ڕۆڵی حکومەت.

٤. زانایان تیۆریزەی ئەوە دەکەن کە دایناسۆرەکان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لەناوچوون.

٥. زانایان تیۆریزەی ئەگەری ژیان لەسەر هەسارەکانی تر دەکەن.

# کورد و چەمکسازی

- جیهانی ئێمە وەک کورد پڕیەتی لە ئیشکالییەتی تیۆر و چەمک.
- بەداخەوە کێشـــــــەی چەمکســـــــازی زۆر لاوازە و هەرکەس و هەر نووسەرێک کۆمەڵێک چەمکی پێیە.
- کـــاری وەرگێـــران کـــاریکی پـــڕ زەحـــمەت و نـــاڕەحەتییە. چـــونکە زەمینەسازی نەکراوە بۆ دابەزاندنی ئەو چەمکانە بۆ سەر ئەزر واقیع (کەتوار).
- یەکێـــک لە بنەماکـــانی چەمکســـازی ئەوەیە کە لەو خـــوێنەر تێبگـــات نووسەر یان وتاربێژ چی دەڵێت.
- جیهـــانی ئـــێمە پڕیەتـــی لە کۆمەڵێـــک چەمـــک کە هێشـــتا نـــامۆیە بە ئەدەبیاتی نووسین.

# تیۆر، وەسف، پۆلێن، مۆدیل، پێشبینی، چوارچێوەی

- پێش هەرشتێک تیۆر توانای ڕوونکردنەوەی هەیە: واتە دەکرێ بەهۆیەوە شتی تری پێ ڕوون بکەینەوە.
- تیۆر لە وەسفکردن، پۆلێنکردن، مۆدێل، پێشبینیکردن، چوارچێوەی تێگەیشتن جیایە.
- هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوە دیاردەیەکە بەهۆی دیاردەیەکی دیاردەکانی تر. (ڕوونکراوە و ڕوونکەرەوە).
- وەسفکردن: وێناکردن و وێنەکێشانی تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەک بێ ئەوەی بچینە ناو هۆی بوونی یان گۆڕانی ئەو دیاردەیە.

# تیۆر، وەسف، پۆلێن، مۆدیل، پێشبینی، چوارچێوەی

- پۆلێنکردن: بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی گریمانەیی کە لەکاتی گەڕانەوە بۆ دیاردەیەکی تایبەت یان جۆری نیشاندەدرێن.
- مۆدێل: جۆرێک پۆلێنکردنە، لەسەر بنەمای تێبینییە کەمتر ئەزموونییەکان وەستاون و پەیوەندییەکانی نێوان تایبەتمەندییەکانی دیاردە پێناسە دەکات. بەڵام لەهەمان کات توانای ڕوونکردنەوەیان نیە.
- پێشبینی: ئەو توانایە دەبەخشێتە تاک کە پێگەی خۆی سەبارەت بە گۆڕاوی (X) بەپێی گۆڕاوی (Y) بناسێت. ئەو پێشبینییە بەپێی ئەو پەیوەندییە ئەزموونییە پێشینانەیە کە لەنێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا تێبینی کراوە. پێشبینی بەهێچ شێوەیەک ڕوونکردنەوە یان تیۆر نیە، چونکە دیاردەکان و واقیعیەتەکان بۆ خۆیان قسە ناکەن بەڵکو دەبێ ڕوون بکرێنەوە.

# تیۆر، وەسف، پۆلێن، مۆدیل، پێشبینی، چوارچێوەی

- چوارچێوەی چەمکسازی: شێوازەکانی چەمکسازی دیاردەکان لە ناو تێڕوانینێکی تایبەت ئەوە نیشان دەدەن کە گۆڕاوە سەرەکییەکان و پەیوەندارەکان دەست نیشان دەکەن. بەڵام ئەو جۆرە چوارچێوانە ڕوونکردنەوەی دەروونی نێوان گۆڕاوەکان فەرامۆش دەکات.
- نموونەکان: **وەسفکردنی** تایبەتمەندییەکانی وردە کلتووری قەرەجەکان، گۆڕانی ئەو گروپە نیشان دەدات. جۆرناسی و پۆلێنکردنی خێزانە ناوکییەکان، بەهەمان شێوەی شتێک لەبارەی ئەوەی کە چی لەناو ئەو یەکەیە دەگوزەرێ نادات بەدەستەوە. **مۆدیلێک** لە کۆمەڵگەی (کەمپی زانکۆی سەلاحەددین) ئەگەرچی دەتوانێت سوودی هەبێت و بەپێی داتای ئەزموونی دیزاین کراوە، بەڵام ڕێڕەوی گۆڕان و بونیاد و پرۆسەکانی ناو ئەو کۆمەڵگە پلانبۆ دانراوە ڕوون ناکاتەوە.

# تیۆر، وەسف، پۆلێن، مۆدیل، پێشبینی، چوارچێوەی

- مامۆستایەک دەتوانێت نمرەی زانکۆی قوتابییەک بەپێی **پێشبینیە** نمرەکانی لە ئامادەیی پێشبینی بکات بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پەیوەندییانە ڕوون بکاتەوە. **چوارچێوەی چەمکی** کردەی کارلێکی هێمایی لەبارەی خێزان، ئەگەرچی لەوانەیە لە بەرجەستەکردنی پرسە تیۆریی و تویژینەوەی تایبەت و گۆڕاوە پەیوەندارەکانی سوودی هەبێت بەڵام هیچ توانایەکی نیە بۆ ڕوونکردنەوە.

# پێناسەیەک بۆ تیۆر

- ئێچ. ئێم. بلالۆک: تیۆر بریتییە لە گوزارە شێوە یاسایە کە دوو گۆڕاو یان دوو چەمک لە کاتێکی دیاریکراو بەیەکەوە گرێ دەدات.
- جی. گیبس: تیۆر کۆمەڵێک گوزارە لۆژیکین لەشێوەی حوکمی ئەزموونین کە بەیەکەوە بەستراون. ئەو حوکمانە دەست نیشانی تایبەتمەندی چەندەها چینی لە شتەکان و واقیعیەتەکان دەکات.
- ئەی. ئێڵ. ستینچکام: تیۆر لەسەریەتی بۆ بەدیهێنانی ڕوونکردنەوەکان توانستی پێویست فەراهەم بکات.

# تایبەتمەندییەکانی تیۆر

- پێویستە هەر تیۆرێک بنەڕەتێکی هەبێت کە پێی دەووترێت پارادایمێکی بونیادی: پارادایم چییە؟

پارادایم (بە یۆنانی پارادیگما)، بریتییە لە سەرمەشق، نموونەی زاڵ و چوارچێوەی هزری و کلتووری کە کۆمەڵێک نموونە و بیرۆکە بۆ تاقم یان کۆمەڵگایەک دادەڕێژێت. هەر گروپ و کۆمەڵگایەک، "ڕاستییەکانی خۆی لە نێو چوارچێوەیەکی پارادایمی کە پێی ڕاهاتووە، لێک دەداتەوە. هەندێک جاریش لەجیاتی پارادایم جیهانبینی بەکار دێت.

- هەر پارادایمێک پێویستە کۆمەڵێک چەمک بگرێتەخۆ کە بۆ کۆمەلێک دیاردە بەکار دێن. چەمکەکانی وەک: کەسایەتی، چینی کۆمەڵایەتی، سیستمی کۆمەڵایەتی، دامەزراوە، بزاوتی کۆمەڵایەتی و هتد. ئەو چەمکانە دەبێ پێناسە بکرێن و پەیوەندییان لەگەڵ پارادایمی بونیادی نیشان بدرێت.

# تایبەتمەندییەکانی تیۆر

- پێویستە پەیوەندی لۆژیکی لەنێوان چەمکەکان هەبێت: یەکانگیری ئاست و شێوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو چەمکانە جیاوازە:

1. بنەما بەدیهییەکان (ئاگزیۆمەکان): ئەو دۆزانەن کە لەخۆدی خۆیاندا بەڕاست دادەنرێن. بەشێوەیەکی قەتعی ڕاستن
2. دۆزەکان: ئەو گوزارانەن کە لەبنەما بەدیهییەکان دەردەهێرێن.
3. گریمانەکان: ئەو گوزارانەن کە پەیوەندییەکانی نێوان چەمکەکان بەشێوەی پراکتیزەکراو، واتە نیشاندەرە ئەزموونیەکان نیشان دەدەن.

بونیادی تیۆریی فۆرماڵ: بونیادی تیۆری فۆرماڵ لەسەر بنەڕەتی یەکانگیری لۆژیکی نێوان گوزارەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر وەستاوە.

تیۆر لەڕووی بونیاد لەسەر لەسەر بنەڕەتی بنەما بەدیهییەکان، لەڕووی شێوە لەسەر بناغەی دۆزەکان وەستاوە.

- چەمک و گوزارەکانی تیۆر پێویستە شیاوی ئەزموونکردن بن: گۆڕاوەکانی پێناسە بکرێت و گۆڕاوەکانیش بەشێوەی نیشاندەرەکان دابڕێژرێن کە بتوانرێت بپێورێن.

# تایبەتمەندییەکانی تیۆر

- پێویستە تیۆر بەدوای خۆیدا میتۆدۆلۆژی خۆی دیاری بکات بۆ ئەزموونکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕاوەکان و نیشاندەرەکان.
- دوای کۆکردنەوەی داتاکان، پێویستە بەپێی گریمانە سەرکییەکانی شی بکرێنەوە.
- دوای تەواوکردنی شیکردنەوەی داتاکان، تیۆردانەر دەبێ بەپێی بونیادی تیۆری خۆی، داتاکان ڕاڤە بکات.
- لەکۆتاییدا پێویستە تیۆردانەر هەوڵ بدات بونیادی لۆژیکی تیۆرەکەی هەڵسەنگێنێت.

# جۆرە سەرەکییەکانی تیۆر

- تیۆری فۆرماڵی- نافۆرماڵی
- تیۆری وەسفی-شرۆڤەیی
- تیۆری ئایدیۆلۆژی-زانستی
- تیۆری زاتی-بابەتی
- تیۆری ئیستقرائی- قیاسی
- تیۆری بەشی- هەمەکی
- تیۆری بونیادی-ئەرکی
- تیۆری سروشتی-کۆمەڵایەتی